35 کرێکاری کارگەی رستن لە کفری گوێزرانەوە

کامەران – کفری

لەم ماوەیەدا لە کارگەی رستنو چنینی کفری 35 کرێکار دابەشکران بە سەر دەزگا حکومییەکانی ناوشاردا وەکو شارەوانی، پۆستەو گەیاندن، کارەبا، کشتوکاڵ، بە بڕیاری وەزارەتو بە شێوەی تەنسیب گواستراونەوە بێ ئەوەی پرس بە هیچ کرێکارێ بکەن یان رەئیان وەرگرنو زۆربەیان ناڕازین لەو جێگایەی کە بۆیان دانراوەو ترسی ئەوەیان هەیە کە موچەکەیان کەم بکات وەکو پارەی کرێی ئۆتۆمبێل، نان خواردن، خطوره، بۆ زانیاری زیاتر ئەم ڕیپۆرتاژەمان ئامادەکرد:

- کاك مەدحت کرێکارە، سە بارەت بە گواستنەوەی خۆی دەڵێ من (23) ساڵە کرێکاری کارگەم بێ ئەوەی پرسم پێ بکەن گواستراومەتەوە بۆ شارەوانی ترسم لەوەیە پارەی خواردنو کرێی سەیارەم نەدەنێو بەو شێوەیە بێ موچەکەم 110 دینار کەم دەکات، زۆر ناڕازیم بەو شێوە مامەڵەکردنە دەبوایە هاوکارییمان بکرایە یان خانەنشین بکرایەم، نەك دوای 23 ساڵ خزمەتکردن دەستێك و هەردوو قاچم کەم ئەندامی کارگەیەو نە ئەبوایە بگواسترێمەوە داواکارم بگەڕێمەوە شوێنی خۆم..ئەم کارەش بە ئەنجامی دەستێوەردان دەزانم.. ..

لە ئەنجامی پرسیارێکدا سەبارەت بە نەقابەی کرێکارانی کارگە وتی: هیچ پشتگیرییەکیان نەکردووین.

- باقی حوسێن، کرێکار: 24 ساڵە خزمەتی کارگە دەکەمو ئاسنگەر بووم ئێستا گواستراومەتەوە بۆ شارەوانی، ئەم کارە بە دەستێوەردان دەزانمو زۆر ناڕازیم لە گواستنەوەم، ئێمە وەزعمان خراپە دەبوو هەوڵمان بۆ بدەنو وەزعمان چاك بکەن کەچی ئێستا ترسی ئەوەمان هەیە موچەکەمان کەم بکات، داواکاریم ئەوەیە یان موچەکەم کەم نەکات یان خانەنشینم بکەن.

- فاتیمە عومەر: پێنج باش نییە گواستراومەتەوە و ناڕازیم لە بەر ئەوەی (20) ساڵە خزمەتی کارگە دەکەم، ئێمە خەڵکێکی هەژارین پێویستمان بە هاوکاری کردن هەیە نەك بەو شێوەیە مامەڵەمان لە گەڵدا بکەن، لە گواستنەوەکەشدا وا دیارە (جیاوازی و واسیتە) هەیەو من دەڵێم کارگە کرێکاری زیادەی نییەو ئەوان بۆ خۆیان پێش ئێستا کرێکاری تازەیان هێناوە بۆ کارگە، داواکارم بگەڕێمەوە جێی خۆم.

- کاك یەحیا بەڕێوەبەری کارگە سەبارەت بەم کێشەیە وتی: ئێمە 180 کرێکارمان هەیە و خۆمان پێویستیمان بە 110 کرێکارەو ئەو کرێکارانە بێ ئیش ماونەتەوە لە کارگە، لە سەر پێشنیاری بەڕێز قائیمقامی کفری نووسراومان ناردووە بۆ وەزارەتو بڕیاری لە سەر دراوەو گواستراونەتەوە بە شێوەی تەنسیب هەروەها وتی بۆ بەرژەوەندیی شارەکەمانو کارگە ئەم کارەمان ئەنجامداوە،

چونکە ئێمە 90 هەزار دینار خەرج دەکەین، کەچی 10 هەزار دینار بەرهەمان هەیەو ئەو کرێکارانەش بە پێی ئیشو کارەکانی خۆیان دابەش کراونو موچەکەیان وەکو خۆیەتی.

- بەڕێز سدیق سەعید قائیمقامی شاری کفری سەبارەت بەم کێشەیە وتی: ئەو 35 کرێکارە بەشێوەی تەنسیب گواستراونەتەوە لە بەر ئەوەی ئێستا کارگە ئیشی زۆرنییەو ئێستاش ئێمە دەزگاکانمان پێویستی بە کرێکار هەیەو، بە باشمان زانی ئەم کرێکارانە لەو شوێنانە دابنێین و نەمانتوانی کرێکاری تازە دابنێین چونکە وەزعی ئابووریمان زۆر باش نییە.

هەر کاتێك کارگە پێویستی پێیان هەبێ دەتوانین بیانگەڕێنینەوە شوێنی خۆیان..

ئەوەی خوێی کردە ئەم بڕینە

سۆران فاروق

جگە لەوەی رۆژ لە دوای رۆژ رادەی کوشتنو ئازاردانی جەستەیی و سوکایەتی پێکردنو پێشێل کردنی مافە سەرەتاییو بنچینەییەکانی ئافرەتان لە زیاد بوونداید، لە هەمانکاتدا تەبلیغات و بانگەشەی ئایدۆلۆژیای نەزانینو کۆنەپەرستی بۆ سوکایەتی پێکردنو بەکەم ڕوانینو هەوڵدان بۆ بچووککرنەوەی ئافرەت بەردەوامە، ماوەیەك بەر لە ئێستا لە نێو جەرگەی شاری هەولێرو بەشێوەیەکی بەرفراوان کۆنەپەرستان دەستیان کردووە بە بلاوکردنەوەی وێنەی ئافرەتێك کەوا بە جەستە مرۆڤەو بەڵام دەرچوونی لە بڕیارە بێ جێبەجێکانی پیاو بوە بە دووپشك! دیارە دروستکردنی ئەم وێنە خەیاڵییەو چووساندنی ئافرەت بە دووپشك تەنها مەسەلەیەکی بازرگانیو سەرپێیەیو بێ بەرنامە نییە بەڵکو دەستێك لە پشت ئەنجامدەرانی ئەم کارانەوەیە کەوا کۆمەڵ لە سەر بنەمای پەروەردەی بچووککردنەوەی ئافرەت بۆ ڕادەیەکی نزمی پلە دوو سێ ڕادەهێنێت.

جێی داخە ئەم وێنانە بەشێوەیەکی ئاشکراو بە بەرچاوی خەڵکەوە بلاودەکرێنەوەو بەبێ ئەوەی ئەجۆزە کەسانە سزا لە هیچ جۆرە ترسو سزادانێك بکەنەوە، دیارە ئەم دیاردەو چیرۆکە خەیاڵییەو کێشانی وێنەی ئافرەت لە سەر شێوەی دووپشك، بڕینێکی تری دەخرێتە جەستەی هەستو سۆزی ئافرەتانی ولاتەکەمان، بەڵام داخەکەم هەفتەنامەی گولاێش زیاتر خوێی کردە ئەم بڕینە، بە بلاوکردنەوەی چیرۆکی ئەم وێنەیە وەکو خۆی!

(80) ماڵی ئاوارەی گەڕەکی ئازادی بێ کارەبان

پ- کفری

ماوەیەکی زۆرە ئەو خانووانە دابەشکراوە خاتوومالّە ئاوارەکانی ناو شاری کفریدا، کەچی تاوەکو ئێستا کارەبای گشتییان نییە و بۆیان رانەکێشراوە. دیارە ئەو خانووانە ماوەیەکی زۆرە دروست کراونو کۆتایی پێ هاتووە و بۆ ماوەی دوو مانگیش خەڵکی تێیدا دەژین بێ کارەبا. لە دوای ئەوەی ئەم مالاّنە بێ ئومێد بوون کە کارەبایان بۆ ڕاکێشن هەوڵیان داوە خۆیان لەو مالّە نزیکانەی گەڕەکی ئازادی کارەبا بە ڕێگای نا یاسایی ڕابکێشن تاکو کارەبایان بۆ دابین دەکرێ. بەڵام لەسەر بڕیاری قائیمقامییەتی کفریو فەرمانگەی کارەبا هێڵی کارەباکانیان پچڕاندووە لەبەر ئەوەی ئەمە تەجاوزەو کارەبای گەڕەکی ئازادی خراپ کردووەو لە هەمانکاتدا کارەبایان لە موەلیدەی ئاوەکە بۆ دابین دەکەن، لەسەر ئەوە کارەباکانیان بڕیون.

ئەمساڵ مامۆستا ڕاهێنەرەکانی هەولێر بۆ شاری خۆیان دابەش نەکران!

محەمەد داریاس

ساڵانێکە پەیمانگای مامۆستایانی هەولێر لە سەرەتای بە هارەوە خوێندکارانی قۆناغی دووەمی خۆی دابەش دەکرد بە سەر شارو شارۆچکەکانی دەڤەری هەولێردا بە مەبەستی ڕاهێنانو مەشقکردن لە سەر وانە وتنەوە بۆ ماوەی (45) ڕۆژ کە ئەمەش دەبووە هۆی ئارامیو ئاسوودەیی خوێندکاران لەو ماوەیەدا، چونکە لە ناو خێزانی خۆیاندا دەژیانو بە دڵ خۆشیو دڵنیاییەوە پرۆژەی پەروەردەو فێرکردنیان لە ناو قوتابیانی گەڕەکەکە یا ناوچەکەی خۆیان تەنجام دەدا. کە دەتوانم بڵێم ناوی زۆربەیانی دەزانیو لە نزیکەوە مندالّەکانی دەناسی، کە ئەمەش شتێکی دروستو پێویستە بۆ هەڵسان بەم کارە پیرۆزە.

ئەمە لە لایەك و لە لایەکی تریشەوە خوێندکار ماوەیەك پشوو دەدات و دەحەسێتەوە لە کڕینو ئامادەکردنی خواردنو خۆ بەڕێوەبردن بە هۆی دووری لە خێزانەکەیو وردە گرفتو چەرمەسەری ژیانی بەشی ناوخۆیی (داخلی) کە تەویش بێ کێشەو کۆسپو گرێ نییە. بە کورتی گەڕانەوەی مامۆستا ڕاهێنەرەکان بۆ شوێنی خۆیان کارئاسانیو کامەرانی بە هەموویان دەبەخشێ کە زۆر بە ئاسانیش وەك هەموو ساڵەکانی تر مامۆستاکانی پەیمانگا دەتوانن لە شاری خۆیان بچنە سەردانیانو بیانبینن و بەسەریان بکەنەوە. بە تایبەت ئەمڕۆکە ئاشتیو ئازادی لە سایەی حکومەتی هەرێمی کوردستاندا بەرقەرارن، کەچی بە داخەوە ئەمساڵ بۆ یەکەمجار خوێندکاران لەم کارە باشانەی کە باسمان کردن بێبەش بوون و هیوا بڕاوکران!!

ئێمە دانیشتوانی گەڕەکی کوردستانین لە هەولێر

پ.هەولێر

دوا بە دوای ڕاپەڕینە مەزنەکەی گەلەکەمانو، بە هۆی بارى هەژاریو دەست کورتیو لێقەوماویمانەوە نزیکەی 150 پارچە زەوی لە کۆڵانەکانی گەڕەکەکەمان کە سەر بە (شارەوانی)یە هەر لە زەمانی حکومەتی بەعسەوە مابوونەوە بێ ئەوەی مولکی کەسێك بن و تەنها (شاغر بلدیە)ن..

ئێمەش لە بەر ناچاریو زەحمەتی ژیان کە ناتوانین کرێی خانو بدەین، چونکە زۆربەمان کرێکارو کاسبکارو فەرمانبەری بچووکین، خانوومان لە سەر ئەم پارچە زەوییانە کردووە بەشێوەیەکی نیزامی و (مسرەفێکی) زۆریشمان لێ کردووە. ئێستا شارەوانی بەبێ ڕاوەرگرتنی ئێمە دەیەڕۆشێو داویەتە مەزایەدەی ئاشکرا جا داواکاری ئێمە لە (شارەوانی) بۆ چارەسەرکردنی ئەم کێشەیە ئەوەیە: پێویستە شارەوانی حیسابێك بۆ ئێمە بکات و یارمەتیمان بدات، کە بە نرخێکی گونجاو بدرێنەوە ئێمە، چونکە ئێمە مەسرەفێکی زۆرمان لەو خانووانە کردووەو هەر بۆ ئێمە شیاوترن،

سەید حوسێنو چەند داواکارییەك

گوندی سەید حوسێن یەکێکە لە گوندەکانی ناوچەی گەرمیانو سەر بە شارۆچکەی سەرقەلایە، ئەو گوندە وەکو گوندەکانی تری کوردستان ڕووخاوە لە ساڵی 1987 لە لایەن ڕژێمی بەعسەوە.

لە دوای ڕاپەڕین بە پشت بەستن بە خۆیان (29) ماڵ گەڕاوەتەوەو گوندەکەیان ئاوەدان کردووەتەوە، بێ ئەوەی هیچ ڕێکخراوێك یان دەزگایەکی حکومەت هاوکارییانی کردبێ لەم ماوە دوورو درێژەی ئازادکردنی ناوچەکەیان. سەرچاوەی ژیانیان بەخێوکردنی ئاژەڵە، کۆمەڵێك کێشەو داواکارییان هەیەو چەندین جار خستوویانەتە ڕوو بەڵام هیچیان بۆ نەکراوە، بۆیە لێرەدا جارێکی تر دەیخەینە پێش چاوی دەزگا بەرپرسەکان بۆ یارمەتیدانییان.

1- یارمەتییان بدرێ بۆ زیاتر ئاوەدان کردنەوەی گوندەکەیان وەکو گوندەکانی تر کە هاوکاری کراون.

2- گرنگترین کێشەیان نەبوونی ئاوە، داواکاری ئەوەین بەزووترین کات هاوکارییان بکەن بۆ دابینکردنی، چونکە سەرچاوەی ئاویان نییە، تەنها بیرێکی ئاو نەبێ کە پاك نییە.

3- نەبوونی کارەباو بنکەی تەندروستی لە نزیك گوندەکەیان.

4- 17 قوتابییان هەیە لەگەڵ مامۆستادا بەڵام قوتابخانەیان بۆ نەکراوە خانوویەکییان کردووە بە قوڕ زۆر خراپە.

5- ڕێگاوبانییان باش نییەو پێویستی بە چاککردن هەیە.

هاوواڵتیەکی گوندی سەید حوسێن



داواکاریی گوندنشینان لەپێناو ئاوەدانکردنەوەدا

گوندەکەمان "تیژە" سەر بە ناوچەی شوانەو نزیك گوندی تلیانەو پێکهاتووە لە (30) ماڵو نزیکەی (40) قوتابییمان هەیەو (2) مامۆستای وانەبێژ لە گوندەکەماندایە، بەڵام داواکارین پرۆژەی خزمەتگوزارییمان بۆ بکرێتەوە، چونکە تاکو ئێستا تەنها بۆری ئاومان لە چەمەکەی گوندەکەوە بۆ ڕاکێشراوە ئێستا ئەویش ئاوی نییەو بێ بەشین لە پرۆژە خزمەتگوزارییەکانی تر و تەنانەت خانووی قوتابخانەکەمان خانوویەکی قوڕە، بۆ دابینکردنی ئاویش دەبێت نزیکەی سەد مەترێك دووربکەوینەوەو لە چەمەکە ئاو بهێنین کە ئەویش زۆر قوڵەو ئافرەتانی گوندەکەی ماندوو کردووە، هەروەها ڕێگای گوندەکەش کێشەیەکی ترمانە کە لە کاتی باراندا ناتوانرێ هاتووچۆی پێدا بکرێت.

داواکارین بەرپرسانی حکومەت سەردانی گوندەکە بکەنو لە نزیکەوە چاریان بە حاڵو گوزارەنی دانیشتوان بکەوێتو هەوڵ بدرێت چارەسەر بۆ کێشەکانمان بدۆزرێتەوە، چاوەڕوانی هەوڵی دڵسۆزانەتانین.

دانیشتوانی گوندی تیژە لە ناوچەی شوان

سکاڵانامەیەك

لە گوندی گلاّڵ کەوەی حاجی نامیقەوە

بۆ بەرچاوی بەڕێزان:
سەرۆکی حکومەتی هەرێم- سلێمانی
دەزگا پەیوەندیدارەکان
سلاوێکی گەرم..

ئێمە دانیشتوانی دێی "گلاّڵ کەوە"ی سەر بە ناحیەی پێبازـ باوەنوری کەلار کە زیاتر لە 10 ماڵ دەبینو خاوەنی چەندین خێزانی ئەنفالو شەهیدینو، لە پاش ڕاپەڕینە مەزنەکەوە خۆ بە خۆ دێیەکەمان ئاوەدان کردۆتەوە، بەڵام بە داخەوە لەوەتی گەڕاوینەتەوە هیچ کەسو لایەنو ڕێکخراوێکی مرۆیی لێتی نەپرسیوینو فەرامۆش کراوین بۆیە لە ڕێگەی ئەم سکاڵایەوە دەنگی خۆمانتان پێ ڕادەگەیەنینو هیوادارین ئەم داواکارییانەی خوارەوەمان فەرامۆش نەکرێن:

1- پەیدا کردنی سەرچاوەی ئاو، کە گرنگترین پێویستییە.
2- کردنەوەی قوتابخانەیەکی سەرەتایی چونکە زیاتر لە 15 منداڵمان هەیە.
3- چاککردنی ڕێگەوبان بۆ گوندەکە.

چاوەڕوانی هیممەتتانین، لەگەڵ ڕێزی دانیشتوانی دێیەکەدا.